حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٩٣٠/ ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٣١/ ٧/ ٢٠٢٣

## ڕێنمایی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠٢٣

## هەمواری چوارەمی ڕێنمایی پێدانی جامڕەش ژمارە (٥ ی ساڵی ٢٠١٩)

دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥ی ساڵی ٢٠١٩ و ٨ی ٢٠٢٢) تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جامڕەش و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) بڕگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦ی ساڵی ٢٠٠٩) لەبەر بەرژەوەندی گشتی .

**بڕیارماندا بە : دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە هەموارییەی خوارەوە :**

**ماددەی یەکەم:**

**زیادکردنی دوو بڕگە بە زنجیرەکانی (١١ و ١٢) لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (٥ی ساڵی ٢٠١٩) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

١١- ئەو ئۆتۆمبیلەی کە مۆڵەتی جامڕەشی ساڵانەی پێدراوە و خاوەنەکەی دەیفرۆشرێت بەڵام ماوەی مۆڵەتەکەی بەسەرنەچووە، ئەوا ماف دەدرێتە فرۆشیاری ئۆتۆمبیلەکە کە ئەو ماوەیەی لە مۆڵەتەکە ماویەتی بۆ ئۆتۆمبیلێکی دیکە بەکاربیهێنێت بە پێشکەشکردنی داوکارییەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بۆ جامڕەشکردنی ئۆتۆمبیلێکی دیکە.

١٢- کرێی کارگێڕی وەردەگیرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕگە ١١ی ئەم ماددەیە بەپێی بڕگە یەکەم/ خاڵی ٧ و ٨ی ماددەی دووەمی ڕێنمایی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥ ی ساڵی ٢٠١٩).

**ماددەی دووەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ڕاوێژکاری یاسایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ڕاوێژکاران ( )/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی یاسایی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ب.ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیـری ناوخـۆ